**روون کردنەوە**

بەڕێزان چەند ڕۆژێک لەمەوبەرو لەڕێگەی ماڵپەڕەکانەوە ئاگادارییەکم بڵاوکردەوە دەربارەی هاک کردنی ئیمەیلەکانم لەلایەن کەسێکی بێویژدانەوە ، چەند ڕۆژێکە کەوتۆتە بڵاوکردنەوەو ناردنی نامەی دروستکراو ودەستکاری کراو و بەشێوەی تەشهیرپێکردن بۆ هاوڕێیان لەڕێگەی ئیمایلی ( کەژاڵ _8 )، بۆ ئاگاداری هەموو دۆستان و هاوڕێیان یەکێک لەو ئیمەیڵانە تایبەتە بە ئیشی ئەو زانکۆیەی وەک خوێندکار لە قۆناغی چواری کۆلێژی دەرون ناسی ئەخوێنم لەهەمان زانکۆ وەک کارمەند ماوەی دووساڵە کاری تێدا دەکەم و بەرپرسی ئەرشیف و دوکیمێنتی تایبەتم بە قوتابیان و لەناو ئەو ئیمەیڵەدا ژمارەیەک وێنەو دوکیمێنتی تایبەت بە قوتابیانی زانکۆی تێدایە بۆ تەسجیل بون و دروست کردنی هەویەی تایبەت نێردراون و وێنەکان تەنها وێنەی هەویەن و بۆ هیچ مەبەستێک نەنێردراون ( ئەمەش راستییەکی حاشا هەڵنەگرەو بەئاگاداری عەمیدی زانکۆو عەمیدی بەشی ئیدارە و دکتۆری پسپۆر لە دروستکردنی هەویەی تایبەتی زانکۆ و دکتۆری بەشی چاپکردنی کتێب ئەمکارە ئەنجام ئەدرێت و بەئاگادری ئەو قوتابیە بەڕێزانە ) ، ئەو کەسە زۆر بێ شەرمانە ئەو وێنانە بڵاو دەکاتەوە لەگەڵ بڕی ئەو پارەیەی کە ئەینێرن بۆ تەسجیل بون هەروەها ئێمە وەک بەڵگە ئەو وێنەو نامەو وەصلی پارانەمان لە فایلی تایبەت بە ئەرشێفی زانکۆ هەیە و لەکاتی پێویستدا بڵاویان ئەکەینەوە لەگەڵ کاتی ناردنی ئیمەیلەکان کە پرێنت کراون و لە فایلی تایبەت بە قوتابیەکاندا هەن ، جا بۆیە داواکارم لەو کەسە ئەگەر لەو کارە نەوەستێت مەجبورین لەڕێگەی عەمادەی زانکۆکەمانەوە ئیجرائاتی قانونی لەگەڵ بەکاربێنین و لەڕێگەی ئەو زانیاریانەی وا لەبەردەستماندا و بە هاوکاری ژمارەیەک لەو هاوڕێ دڵسۆزانەی پسپۆرن لە کۆمپیوتەردا ئەو ئیمەیلانەمان لایەو ژمارەی ئی پەی کۆمپیوتەرەکەیمان وا لەبەردەستدا ، هەروەها ئەو ئیمەیلانەی کە بەناوی جۆراو جۆر دروستی کردون ، ئەوی زیاتر کارەکەی قێزەون کردووە زۆر بێ ئاگایانە ئەو نامەو دۆکیمێنتانە ئەنێرێتە لای ژمارەیەک لەو دکتۆرانەی کە بە ئاگاداری ئەوان ئەو دۆکیمێنتانە دێنە لای من و ئیمەیڵەکانیان لای من ئادکاراون و سەریان لەو نامە دروست کراوانە دەرناچێت هەروەها زۆر نەفامانە نامەکان ئەنێرێت بۆ خاوەن وێنەو نامەکان خۆیان کەزیاتر ئەو کەسە ئەخاتە ژێر هەناسەی بەزەیی و سەرزەنشت کردنی ئەو هاوڕێیانەوە .

لەکۆتاییدا زۆر سوپاسی هەموو ئەو هاوڕێ دڵسۆزانە ئەکەم چ لەڕێگەی ئیمەیڵ یان تەلەفۆنەوە دڵنەوایم ئەکەن و ئیدانەو سەرزەنشتی ئەو کارە نامرۆڤانەیە ئەکەن ، هەروەها داوای لێبوردن لەو بەڕێزانە ئەکەم کەوێنەیان و نامەیان دەستکاری کراوە لەو باوەڕاشدام پاش بڵاوکردنەوەی ئاگاری یەکەم تەنها کەسێک باوەڕ بەو نامەو وێنانە ناکات کە بۆیان ئەنێردرێت ، بەو کەسەش ئەڵێم ( یوم لک و یوم علیک ) دەریا بەدەمی سەگ پیس نابێت ،من هەمیشە وەک ژنێک قەڵەمەکەم لەخزمەتی ووشەی کوردی ڕەسەندا سەری نەوییەو تۆش هەرچییەکت بەرامبەر منی ژن هەیە بەئاشکرا نەک لەپشت کۆپمیوتەرەکەت وەک دزی شەو دیارە ئەگەر کارێک خاوەنەکەی بە قێزەون و شەرمنی نەزانێت لە تاریکیدا ئەنجامی نادات .

کەژاڵ ئیسماعیل عبداللە
Gullabaibun@yahoo.com
0634312391
ژمارە تەلەفۆنی زانکۆ
0031 070 390 5989